# دیمانەیەك لەگەڵ فەیلەسووفی ئەڵمانیی بەڕەگەز کۆری بیونگ-شول هان

لە فەڕەنسییەوە: فازڵ مەحمود، کاروان ئەحمەد

ئەو ڕێبازەی کە بیونگ-شول هانی لەسەرە زۆر سەرسوڕهێنەرە: بە مەبەستی خوێندنی کانزاکاری لە تەمەنی ٢٢ ساڵی کۆریا بەجێدەهێڵێت و ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات و لەوێ ڕوو لە خوێندنی فەلسەفە دەکات. بە بڕوای ئەو، کۆمەڵگای ئێمە زیندانی دەستی نارسیزم و خودئەڤینییە و چالاکیی بەردەوام و پیرۆزکردنی کردە و ئەکت لە ڕەگەوە ئارەزوو وشک دەکات. گەر بمانەوێت ڕۆبچین بە بەرهەمەکانیدا ئەو خاوەنی بیرێکی توند و ڕوونە. هان یەکێك بوو لەو فەیلەسوفانەی کە پێشتر بەرهەمەکانی بۆ فەڕەنسی وەرنەگێڕابوو، بۆیە جێگای خۆی بوو ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبکرێت.

لەتەمەنی ٢٢ ساڵی کۆریا بەجێدەهێڵت و بە مەبەستی خوێندنی تەکنیکی ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات، لەوێدا ڕەوتی خۆی بەرەو فەلسەفەو تیۆلۆژیا دەگۆڕێت، پاشان لە (قوتابخانەی باڵای نەتەوەیی بۆ چەمکە فۆرمەڵەکان) دەبێتە مامۆستا کە لە هەمان قوتابخانەدا (پیتەر سلۆتەردایك) مامۆستا دەبێت، وا دەردەکەوت کە لەگەڵ یەکتر نەیاندەکرا. کتێبەکانی سلۆتێردایك پڕبوون لە پچڕان و بابەتی دوور لە باس و واقیع، بەڵام ئەوانەی هان پوخت و وشك و ستایلێکی ئابورییان هەیە. سەرنوسەری ئەم گۆڤارە لە بەرلین بەم شیوەیە وەسفی (هان) دەکات: ڕستەکانی وەکو زەبری تەورە، هەموو کەس بە ئامانجی خۆی دەگات، وەك پیاوێك دەنوسێت کە دەیەوێت دار ببڕێت. خوێندنەوەی هان واتە ڕۆچوون بەنێو بیرێك کە وشەکان هەڵدەوەشێنێتەوە.

هان لە پێناو ڕووبەڕوبونەوە و زاڵبوون بەسەر ناڕەحەتییەکاندا دەنوسێت. بەرهەمەکانی کەمتر بە دنیادا بڵاوبوونەتەوە، زیاتر لە کۆریا و چین کە هەندێك لە بەرهەمەکانی لەم وڵاتانە پڕفرۆشترینن. یەکێك لە وتارەکانی کە لە فەڕەنسا بڵاوکراوەتەوە ناوی(لەناو هەوری چڕدا)یە کە ڕۆچونێکە بە نێو بارودۆخی مرۆڤی دیجیتاڵیی سەردەمی تەکنەلۆژیا. یەکێکی تر لە وتارەکانی کە بۆ فەرەنسی وەرگێڕاوە ( ئارەزوو یا دۆزەخی وێکچوو)ە کە باس لەسەر بەدیهێنانی خۆشەویستی و ئیرۆتیزم لە کۆمەڵگایەك دەکات کە ڕووخساری ئەویتر بەرەو لەناوچوون دەچێت. هان کەسێکی نەفرەتکەر و لە هەمان کاتیشدا مۆراڵیستە.

**ئەو ڕێبازەی کە تۆ لەسەری کەمتر ناسراوە. چی وا لە کۆرییەك دەکا کە ڕوو لە ئەڵمانیا بکا، بۆ چی کانزاکارێك دەبێتە فەیلەسوف؟**

بۆنگ-شول هان: لە ژیاندا کۆمەڵێك دوورکەوتنەوە و گۆڕانکاری هەیە کە ناتوانین لێکدانەوەیان بۆ بکەین. ڕەنگە ئەو بڕیارە نائاساییەی کە داومە، بەشێکی لێکدانەبڕاوی ئەو ناوە بێت کە هەڵمگرتووە. ئەدۆرنۆ جارێك وتویەتی ناوەکان کۆمەڵە سەرەتایەکن کە ئێمە لێیان تێناگەین بەڵام کۆڵیان بۆ دەدەین. بە پێی پیتی **ئیدیۆگرامی**(واتا نیگار)ی چینی «Chul» بە پێی ئاوازە دەنگییەکەی هاوکات کە واتای ئاسن دەدات ئاوەهاش واتای ڕووناکی دەدات. لە کۆریا «فەلسەفە» واتە «زانستی ڕووناکی». بۆیە دەکرێت کە ئەوەی من کردوومە تەنها ئەوە بووبێت کە شوێنی ناوەکەم کەوتووم.

**ئەی لە ئەڵمانیا دا...**

بەڵێ، کە هاتمە ئەڵمانیا خولیای خوێندنی کانزاکاریی تەکنیکی لەمێشکمدابوو لەزانکۆی تەکنیکی(کلۆستال زیلیرفیلد) لە نزیك گۆتینگان. بە دایك و باوکمم گوتبوو کەدرێژە بە خوێندنم دەدەم لە بواری تەکنەلۆژیا لە ئەڵمانیا. دەبوو درۆیان لەگەڵ بکەم، چونکە بەو شێوەیە نەبوایە نەمدەتوانی بڕۆم. بەم جۆرە ئەوێم جێهێشت و ڕوومکردە وڵاتێکی تر کە لەوکاتەدا نە شارەزای زمان نە نوسینەکەی بووم و دەستمکرد بە خوێندنی بابەتێك کە زۆر لەوەی خۆم بۆی هاتبووم جیاوازتر بوو. وەکو خەونێك بوو. ئەوکات تەمەنم ٢٢ ساڵ بوو.

**لێکۆڵینەوەکەت لەسەر «کۆمەڵگەی ماندوو» کە پڕفرۆشترین بوو لە ئەڵمانیا، بوو بە کتێبێکی پیرۆز لە کۆریای باشور. چۆن لێکدانەوە بۆ ئەوە دەکەیت؟**

ئاشکرایە، کۆرییەکان ئەو هەستەیان بۆ درووست بوو کە تێزە بنەڕەتییەکانی ئەم کتێبە تەعبیر لە ئەوان دەکات: کۆمەڵگای پێرفۆرمانسی ئەمرۆ کۆمەڵگایەکی خۆچەوسێنەری ئارەزوومەندانەیە، پاش ئەمەش، چەوسانەوە بە بێ هۆکارێکی زاڵیش مومکینە. کۆریای باشور کۆمەڵگایەکی تا سەر ئێسقان ماندووە. خوویەك هەیە لە کۆریا، ئەویش ئەوەیە کە لە هەموو شوێنێك خەڵکی دەبینین خەوتوون. لە سیئۆلی پایتەخت میترۆکان وەکو جێگای نوستنیان لێهاتووە.

## پێشووتر جیاواز بووە؟

کاتێك لە قوتابخانە بووم لە سەر دیواری پۆلەکاندا کۆمەڵێك چوارچێوەمان دەبینی کە لە نێویاندا هەندێك بیرۆکەی تێدا بەدی دەکرا وەك ئارامگرتن، جێبەجێکردن... هتد. کۆمەڵێك درووشمی کلاسیکیی کۆمەڵگایەکی دیسیپلینی بوو. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وڵاتەکە گۆڕاوە بۆ کۆمەڵگایەکی پێرفۆرمانس، ئەم گۆڕانکارییەش زۆر خێرا و توند بوو بە بەراورد بە شوێنەکانی تر. کەس کاتی ئەوەی نەبوو خۆی بۆ ئەم فرەچەشنییەی نیولیبراڵیزم ئامادەبکات، کەلە هەموو شتێ ئەستەمتر بوو. بەبارێکدا، پرسیار لەسەر پێویستی و ئەرك نییە، بەڵکو لەسەر (توانا)یە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پۆلەکان پڕن لە درووشمی وەك «بەڵێ، دەتوانی بیکەی». لەسەردەمێکی وەك ئەمڕۆ بەشێوەیەکی ئاشکرا، کتێبەکەم وەکو دژە ژەهر ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. ڕەنگە ئەمە پێشەنگی مەعریفەیەکی ڕەخنەگرانە بێت کە هەنوکە خۆی بنیاتدەنێت.

## چ کێشەیەك لە کردەی ئەخلاقیدا سەرهەڵدەدات؟

ئەم ئاکارە فێڵێکی ترسناك و وێرانکەرە، پاشان ڕوونی دەکەمەوە کە ئەم فێڵە جەخت لە چی دەکاتەوە؟ کارل مارکس ڕەخنە لەو کۆمەڵگایە دەگرێت کە «لەخۆنامۆبوون» بەڕێوەی دەبات لە پێناو سوودی کەسێکی بێگانە. لە سیستەمی سەرمایەداریدا، کرێکار دەچەوسێنرێتەوە، ئەم چەوساندنەوەیەش کە لەلایەن کەسێکی بێگانەوەیە، سنورەکانی خۆی دەبەزێنێت؛ ئەویش پاش گەیشتن بە پلەیەکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان. پاشان بە شێوەیەکی تر بەرەو (خۆچەوساندنەوە) دەڕوات کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خۆویستانە ملکەچی دەبین. خۆچەوساندنەوە بێسنوورە! خۆویستانە، ئەوەندە خۆمانی بۆ دەچەمێنینەوە تا دەگاتە ئەوەی کە پەل و پۆمان بشکێنێت. ئەگەر شکست بهێنم ئەوا خۆم بە بەرپرسی ئەو شکستە دەزانم، کە ئازاریش دەچێژم لەبەر ئەوەیە ئیفلاسم کردووە و تەنها خۆم لەسەر ئەوە تاوانبارم. خۆچەوساندنەوە بریتییە لە چەوساندنەوەیەك بەبێ زاڵێتیی چونکە سەراپا خۆویستانەیە. یاخود لەبەر ئەوەیە کە خۆی دەخزێنێتە ژێر بەیداخی ئازادی کە ئەمیش کامەرانی بڵاودەکاتەوە. هەرگیز گرووپێکی پێکەوەیی یاخود «ئێمە»یەك درووستنابێت کە بتوانێت دژی ئەو سیستەمە بوەستێتەوە.

**تۆ دەستنیشانی نەخۆشییەك دەكەیت لەكۆمەڵگای ئێمەدا، ئەویش بە بانگەشەكردن بۆ دوو چەمك كە زۆر باو نین: «پۆزەتیڤیتیٍ» و « نێگەتیڤیتیٍ» ، تۆ پێت وایە نێگەتیڤیتیٍ لاواز دەبێت.**

نێگەتیڤیتیٍ شتێكە كە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەرچەكردارێكی بەرگریی سیستەمی پارێزكاری. نێگەتیڤ خۆی دەخزێنێتە نێو بەشە پاكەكەمان و هەوڵدەدات ئینكاری لێبكات و بیرووخێنێت. جەختم لەسەر ئەوە كردووەتەوە كە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە نێو سەردەمی پۆست ـپارێزگاریكردندا دەژین. نەخۆشییە دەروونییەكانی ئێستا، وەك بێئومێدی، شڵەژاوی، كێشەی ئاگایی، ناجێگیری ڕەفتار(TDAH). ئەمانە ئەو نەخۆشییانە نین كە لەڕێگای نێگەتیڤیتیی ڤایرۆسی یاخود بەكتریایی دروست بووبێت، بەڵكو جەڵتە لە ڕێگای زیاد لە پێویست بەكارهێنانی پۆزەتیڤیتیٍوە سەرچاوە دەگرێت. توندوتیژی بە تەنها لە نێگەتیڤیتییەوە لەدایكنابێت بەڵكو لە پۆزەتیڤیتێوە توندوتیژیی پۆزەتیڤیتیٍ یاخود هاوچەشن بریتییە لە توندوتیژییەكی (پۆست پارێزگاریكردن). ئەوە كەڵەكەبوونی چەوریی سیستەمەكەیە نەخۆشی دروستدەكات. ئەوە دەزانین كە پەرچەكرداری پارێزگاریكردن لە چەوری بوونی نییە.

**بە چ پێوەرێك بێئومێدی بەستراوەتەوە بە لاوازبوونی نێگەتیڤیتێوە؟**

بێئومێدی بریتییە لە دەربڕینی خودەڤینی تاوەكو دەگات بە ئاستی پاتۆلۆژی(ئاستی نەخۆشانە). كەسی بێئومێد لە نێو خۆیدا نقوم دەبێت. ئەویتر وەستاوە بۆ ئەوەی بگات بە ئاگامەندیی خۆی. ئایا فیلمی «مالیخۆلیا»ـی لارس ڤۆن تیەرت بینیوە؟ كەسایەتیی«جێستن» ئەو كەسایەتییە بەرجەستە دەكات كە من دەمەوێ بڵێم: ئەو كەسایەتییەكی بێئومێدە چونكە بەتەواوەتی شەكەت بووە و داڕماوە لە لایەن خۆیەوە. هەموو گوڕی خۆی بەستووەتەوە بە غەریزەی جنسییەوە، هە لەبەر ئەم هۆكارەشە كە ناتوانێت خۆشەویستی بكات. لەم كاتەدا، بەڵێ لەم كاتەدا هەسارەیەك دروستدەبێت، هەسارەی (میلان كۆلیا، یان مالیخۆلیا). لە هەمان دۆزەخدا، گەیشتن بەوی تر ڕەنگە كارەساتێكی سامناك(ئاپۆكالیپتیك) بخولقێنێت. ئەو هەسارەیە كوشندەیە، ئەوە بۆ (جێستن) و ئەویتر ئاشكرا دەكات كە دەیەوێت خۆی لە زەلكاوی خودەڤینی دەربهێنێت بەتەواوەتی لە بەرامبەر هەسارەیەك كە مەرگی هەڵگرتووە سەردەردێنێت. ئەویتریش دەدۆزێتەوە. هەروەها زۆر بە وریاییەوە چاودێریی(كلێر) و كوڕەكەی دەكات. ئەم هەسارەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی حەزێكی ئیرۆتیكی.

ئیرۆس وەك پەیوەندییەك بە ئەویترەوە دەبێتە هۆی سڕینەوەی بێئومێدی و کارەساتێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت. کارەسات لە وشەی لاتینی«desastrum» هاتووە کە بەمانای «بێ-ئەستێرەیی» دێت. مێلانکۆلیا بریتییە لە «بێ ـ-ئەستێرەیی».

**دەتوانیت بە وردتر پێناسەیەکی «ئەویتر» مان بۆ بکەیت؟**

ئەویتر، هەروەها «Gegenstand»یشە واتە **ئەوەی دژی ئێمەیە** و «An-stand»یشە واتە «ڕاستکردنەوەی ئەوەی کە بەرامبەری ئێمەیە». ئێمە، توانای ڕاستکردنەوەی بینینی ئەویترمان لەناو کارەکتەرەکەی خۆیدا لەدەستداوە، چونکە لە ناو خودی خۆماندا نوقم بووین. ئەویتر شتێکە کە دەمخاتە ژێر پرسیارەوە، کە خودئەڤینی ناخم هەڵدەتەکێنێت.

**لەکوێدا دەتوانین ڕێگەچارەیەك بدۆزینەوە؟**

کۆمەڵگایەك بەبێ ئەویتر کۆمەڵگەیەکی بێ«پرەنسیپی چێژ یان ئیرۆسە»، ئەدەب، هونەر، شیعر، لە ناو حەزی ئەویتردا دەژین. قەیرانێك کە بەرۆکی هونەری گرتووە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەوانەیە قەیرانی ئەوین بێت. دڵنیام لە داهاتوویەکی نزیکدا ناتوانین لە شیعرەکانی (پۆل سێلان) تێبگەین، چونکە ئاڕاستەی **ئەویتری** کردووە. لەگەڵ میدیای نوێی پەیوەندیکردنیشدا، ئەویتر هەڵدەوەشێنینەوە. سیلان لە یەکێك لە شیعرەکانیدا دەڵێت: ئەوەندە نزیکیت کە ڕەنگە لێرە نەمابێتیتەوە[بەشێك لە شیعری سپی تر لە هەموو کۆلۆمبییەکان]. مەبەستی لەمەیە! غیاب بوون، تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەویترە. ئەوە نێگەتیڤێتییە. لەبەرئەوەی کە لێرە نامێنێتەوە کەوابوو دەتوانم قسە بکەم، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە شیعر مومکینە، ئیرۆس بەرەو ئەویتر ئاراستەکراوە.

**لەم بارەدا عیشق دەبێتە بژاردەیەکی یۆتۆپیایی، دەکرێت شتی وا بە کاربێت؟**

ئارەزوو خۆراکی خۆی لە مەحاڵەوە وەردەگرێت. کاتێك کە ناوەستین لە دووبارەکردنەوە، بۆنموونە بە کارهێنانی دەستەواژەی «تۆ دەتوانیت» و «هەموو شتێك گونجاوە» لە ڕیکلامەکاندا، کۆتایی خواستێکی ئیرۆتیکی دەخاتەڕوو، هیچ عەشقێك بوونی نییە چونکە بڕوامان وایە کە زۆر ئازادین هەروەها لەبەر ئەوەی

لە نێوان چەندان بژاردەدا هەڵیدەبژێرین. بێگومان ئەویتر دوژمنی تۆیە، بەڵام ئەویتر خۆشویستراویشە. وەك گۆرانی (مینیستریەڵی) میوزیكژەنی سەدەكانی ناوەراست، [ژاك] لاكان دەیوت چاڵێكی رەش هەبوو كە بەدەوری ئەم چاڵەدا خواست بچوكبووبوویەوە. هەرگیز ئەو چاڵە ناناسین.

**هەروەها تۆ دەڵێیت كە ئێمە بڕوابوون بە موتەعالیمان گۆڕیوە بە باوەڕبوون بە شەفافییەت.**

بەڵێ، نهێنی پۆزەتیڤیتیێیە. بە بێبەریكردن جیاكراوەتەوە، موتەعالی نێگەتیڤیتییە، لەكاتێكدا ئیمەنانس(ناونشسنی) پۆزەتیڤیتیێ بەرجەستە دەكات. هەروەها بەكارهێنانی لە رادەبەدەری پۆزەتیڤیتیێ خۆی وەك تیرۆری ئیماناناس ـ ناونشینی ـ دەردەخات. كۆمەڵگەی شەفاف كۆمەڵگەیەكی پۆزەتیڤە.

**بەبڕوای تۆ ڕێبازی شەفافییەت  لە چیدا خۆی دەبینێتەوە؟**

سەرەتا دەبێت لە پارادایمی دیجیتاڵ تێبگەین . وای دادەنێین كە تەكنۆلۆژیای دیجیتاڵ وەك كەلێنێكی مێژوویی دراماتیكی وایە، بۆنمونە داهێنانی نوسین یاخود لەچاپدانی كتێب. دیجیتاڵ، خۆیشی بەرەو شەفافییەت هەنگاودەنێت. كاتێك دەست بە دوگمەیەكدا دەنێم دەستبەجێ ئەنجامێكی خێرا وەدەست دەخەم. لەنێوكاتبوونی كۆمەڵگەی شەفاف بریتییە لە دەستبەجێی و هاوزەمانی. بەربەست و زانیارییەكان  ئیتر ناتوانێت تەحەمولبكرێت. دەبێت هەموو لە پێشهاتە دیارە خێراكان خۆی دەربخات.

**پارتی پیرات ( ئۆرگانێكی سیاسی نێودەوڵەتییە كە زیاتر لە ئەڵمانیا جەماوەرییە تا فەرەنسا) پێی وایە كە سیاسەت دەتوانێت لەم حاڵەتە خێرایانە سودمەند ببێت.**

لیکید فیدباك[1]، بێگومان هاوکێشەیەکی سیحراوییە. لیکید فیدباك بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنییە کە بە تایبەت لە لایەن پارتی پیرات «Parti pirate» ئەڵمانیاوە بە کاردێت بۆ خێراترکردنی وەرگرتنی بڕیارەکان و بەدەستەوەدانی شەفافییەت. وا دەردەکەوێت دیموکراتی تەمسیلی هۆکارە تەحەمولنەکراوەکانی بەربەستێکی زەمەنییە. بەڵام ئەم تێڕوانینە کێشە گەورەکان زیاتر دەکات: لەڕاستیدا چەند شتێك هەیە کە بە خێرایی خۆیان نادەن بە دەستەوە. هەندێك شت کە پێویستە لە سەرەتادا بە باشی پێبگەن. ئنجا سیاسەت دەبێت بە تەواوەتی تاقی بکرێتەوە، تاقیکردنەوەیەك کە کۆتاییەکی کراوەی هەبێت. بە شێوەیەك کاتێك تاقییدەکەینەوە هێشتا ناتوانین ئەنجامەکەی بزانین. بەجۆرێك کە دەبێت تێڕوانینێك بەکاربهێنین لەڕاستیدا پێویستمان بە بە بەرستێکی زەمەنییە. سیاسەت کە لە هەوڵی دانانی تێڕوانینێکە بۆ پارتی پیرات بۆیە لە ئەنجامدا و بە ناچاری سیاسەتێکی بێ بەهایە لە دونیابینیدا. هەروەها ئەمەش ئەوەیە بگاتە هاوئاستی کۆمپانیاکان. هێشتا جۆرە هەڵسەنگاندێکی بەردەوام بوونی هەیە. دەبێت هەموو ڕۆژێك ئەنجامێکی بەرچاو بخرێتەڕوو. هیچ پرۆژەیەکی درێژخایەن چیتر مسۆگەر نییە. خووگرتن بە دیجیتاڵیشەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە بەردەوام تێڕوانینەکانمان دەگۆڕین. هەربۆیە، ڕەنگە چیتر کەسی سیاسیمان نەبێت. کەسی سیاسی، کەسێکە کە پێداگری دەکات لە سەر داکۆکیکردن لە تێڕوانینێك.

**کەواتە تۆ هەموو ئەمانە وەکو دەرنجامێکی تەکنەلۆژیایەکی نوێ دەبینیت؟**

مانای وشەی "دیجیتاڵ" چییە؟ دیجیتاڵ لە وشەی لاتینی«digitus» ـەوە وەرگیراوە واتە "پەنجە". لە دیجیتاڵدا، کردە و ئەکتی مرۆیی لە سەر نووکی پەنجەکاندا کورت دەبێتەوە. ماوەیەکی زۆرە کردەی مرۆیی پەیوەست بووە بە دەستەوەـ لە ئەڵمانیا، بە وشەی "دەست دەوترێت «Hand»، ئەم وشەیە چەند دەستەواژەیەکی ترمان دەداتێ وەکو «Handuling»، واتە "کردە ـ ئەکت" یان «Handwerk» کە بە مانای "کاری دەستی" دێت. بە مانا ئەدەبییەکەی: "بەرهەمی دەستی" هەروەها دەستنووس بە دڵنیاییەوە. هەڵبەت

---

[1] Liquidfeedback پرۆگرامێکی سیاسی ئەلکترۆنییە بۆ وەرگرتنی بیروڕای سیاسی و ڕێکخستنیان و گفتگۆکردن لەسەری کە لەوێدا گومانەکان کەمتر دەبنەوە بەرامبەر بە ئەنجامی دەنگدان و بەمشێوەیە هەر کەسێك دەتوانێت دەنگی خۆی بنێرێت بۆ ئەم سیستمە و ئەمە جۆرێکە لە بەرهەم هێنانی دیموکراتی ڕاستەوخۆ و بەکارهێنەران خۆیان دەتوانن ببنە نوێنەری دەنگەکانی خۆیان و سەرکردەکانیان هەڵبژێرن. ئەم سیستمە ئەلکترۆنییە لە لایەن پارتی پیرات "پارتی چەتە دەریاییەکان" وە دروستکراوە کە ئەم پارتە سیاسییە ئەڵمانییە خۆی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا دامەزراوە، ئەم پارتە سیاسییە بە هەڵگرتنی دروشمی خوێندنی خۆرایی و سیاسەتی شەفاف و پاراستنی ئازادی تاکەکەسی و لەبەردەست بوونی زانیاری بۆ هەمووان توانی بێتە ناو دونیای سیاسەت و بە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەی کە دەکرا لە هەڵبژاردنی پەرلەمان دا پانزە کورسی لە بەرلین بەدەست هێنا.

کردەیەك واتە «Handuling »، بە مانایەکی بەهێز، کە بەردەوام  جۆرێکە لە درام. بەپیرۆزکردنی دەست لای هایدیگەر، هەر لەپێشدا بە مانای نارەزایەتی بووە بەرامبەر بە دیجیتاڵ.

**بە پێی ئەم لۆژیکە نوێیەی دیجیتاڵ، چیتر فیگۆرێکی بەرێوەبەر بوونی نییە، دەبینین کە سیاسەتێك دەردەکەوێت کە هیچ رابەرێکی نییە.**

کاتێك دەمانەوێت رێبەرایەتیی بکەین، دەبێت داهاتوو لە پێش چاوبگرین. رابەرێك، واتە ئەو کەسەی کە نیگای بەرەو داهاتووە. من تاقیکردنەوەی سیاسی بەرەو پێشەوە دەبەم، هەروەها دەبێت بتوانم ریسکێك بکەم، چونکە ئەنجامەکەی شتێکی خێرا نییە، چونکە خۆم ملکەچی فەزایەکی پێشبینینەکراو دەکەم. رابەرێك بە مانای کەسێکی "پێشەنگ"، خۆی تەسلیمی شتێکی پێشبینی بۆنەکراو دەکات. شەفافیەتێك کە لە لایەکی ترەوە، خۆی پەیوەست دەکات بە دیجیتاڵەوە، رووبەرووی جۆرێك لە پێشبینیکردنی گشتگیر دەبێتەوە. هەر لە پێشدا هەموو شتێك دەبێت ببێتە مایەی حیسابکردن. هەڵبەت شتێك بە ناوی کردار- ئەکت و  ئەنجامە پێشبینی کراوەکەی بوونی نییە. ئەگەر لەم بارەدا بوایە دەبوو بە حسابێك - باش: داشکان، پسوولەیەك. کردار - ئەکت بەردەوام کاریگەری دەخاتە سەر پێشبینیکردن و داهاتوو. ئەم شتە بە مانای ئەوە دەبێت کە کۆمەڵگای شەفاف کۆمەڵگایەکی بێ داهاتووە. داهاتوو، رەهەندێکی زەمەنییە بۆ هەموو شتەکانی تر. لە ئەمرۆدا داهاتوو هیچ نییە جگە لە ئێستایەکی هیوابەخش.

**بایەخدان بە خێرایی تەکنۆلۆژی شتێك نییە کە بە چاوێکی منالانەوە سەیر بکرێت؟**

بەدڵنیاییەوە. دیجیتاڵ ئێمە منالّ دەکاتەوە چونکە چیتر ئێمە ناتوانین لە چاوەروانیدا بین. بۆ نموونە سەرنجی عەشقێکی کاتی لە دەستچوو بدە. وتنی "تۆم خۆش دەوێت" بەڵێنێکە بەرەو داهاتوو بەرێدەکرێت. ئەمرۆ ئێمە رەهەندەکانی کردە مرۆییەکان دەبینین کە لە هەڵکشاندان، بەرەو داهاتوو، وەکو بەرپرسیارییەتی یان بەڵێندان. هەروەها زانین و مەعریفە یان ئەزموون ئاسۆیەکی زەمەنییان هەیە کە دەکەوێتەوە داهاتووەوە. کاتی بوونی، زانیاری یان ژیانکردن، بەپێچەوانەوە بریتییە لەکاتی ئێستا. نەخۆشییەکی نوێ بوونی هەیە لە کۆمەڵگای

زانیاری دا کە ناوی ئەم نەخۆشییە ئەنجامە خراپەکانی ماندووبوونی زانیارییە. یەکێك لەم نیشانە و سەمپتۆمانە بریتییە لە پەکخستنی توانای شیکاری. لە نێو جەرگەی لافاوی زانیاری دا، چیتر ناتوانین بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاکاری لە نێوان زەرووەرەت و نازەروورەتدا بکەین. سەرنجراکێشکردنی سەمپتۆمەکانی تر بریتییە لە بێتوانابوونی هەڵگرتنی بەرپەرسیاریەتی.

**ئێوە هەروەها کۆمەڵگای شەففتان ناو لێناوە "کۆمەڵگای پۆرنۆگرافی"، بۆ؟**

کۆمەڵگای شەفاف کۆمەڵگایەکی پۆرنۆگرافیکە بەو پێوەرەی کە لەوێدا ئاشکرایی بە گشتگیر و موتڵەق کراوە و لەوێدا نهێنی بە تەواوەتی لەناوچووە. کاپیتاڵیزم زیاتر پەرە بە پۆرنۆگرافیکردنی کۆمەڵگا دەدات بەو پێوەرەی کە لەم کۆمەڵگایەدا هەموو کەسێك وەکو بازرگانێك یان دەقێکی ئاشکرا دەخرێتەڕوو. ئەو شتەی کە هەوڵدەدەین بۆ بەدەستهێنانی بریتییە لە گەورەکردنی بەها پێشکەشکراوەکە. کاپیتاڵیزم هیچ جۆرە بەکارهێنانێکی تری سێکسوالیتێ ناناسێت. گرژی پەیوەست بە ئیرۆتیك لە دەرکەوتنی هەمیشەیی رووتیدا دەرناکەوێت بەڵکو لە کردنەوەو داخستنی دیاگرامەوە بەرجەستە دەبێت. ئەمە نێگەتیڤەتەی پچڕانێکە کە شکۆیەکی ئیرۆتیك دەبەخشێتە ڕووتی.

**کەواتە پۆرنۆگرافیك ئێرۆتیك لە ناو دەبات...**

بەڵێ. تەنیا بیر لەو ساتە سەرنجڕاکێشەی مادام بۆڤاری فلۆبێر بکەوە: ئەو کالیسگەیەی کە لیۆن و ئێما دەگوازێتەوە ـ پیاسەیەکی بێئامانج لە کاتی تێپەڕین بە شاری ڕوان دا، کە خوێنەر بە شێوەیەکی موتڵەق هیچ لەوە تێناگات کە چی ڕوودەدات لەنێو گالیسکەکە. فلۆبەر ڕازی بوو بە ژماردنی ناو شوێن و شەقامەکان. لە کۆتاییدا، ئێما دەستی بەرەو لای پەنجەرەکە دەبات و لێدەگەڕێت ئەو پارچە کاغەزەی دەستی بەربێتەوەو و بفڕێت هاوشێوەی ئەو پەپولانەی سەر مەزرای شەوەرەکان. دەستەکانی ئێما تاقە رووتییە لەم دیمەنەدا ـ ئەمەش تەنیا ساتی ئیرۆتیکییە کە بوونی هەیە چونکە هیچ شتێك نابینین. لەم هەموو شتەزۆرە کە دەکرێت ببینرێت و ئێمەی تەنیوە، هیچ  شتێکی هاوشێوەی ئەوە چیتر مایەی وێناکردن نییە.

**فەلسەفە چ ڕۆڵێك دەبینێت لەناو دۆزەخی خۆیدا؟**

فەلسەفە بۆ من، بریتییە لە هەوڵێك بۆ دارِشتنەوەی فۆرمێکی تری ژیان، ئەزموونکردنی پرۆژەکانی تری ژیان لانیکەم لە ڕێگای بیرکردنەوەوە. ئەرستۆ نموونەیەکی پێداوین لە سەر ئەو شتەی کە باسکرا. ئەو داهێنەری چەمکی ژیانی تێڕامانانەیە. ئەمڕۆ فەلسەفە زۆر لەمە دوورکەوتووەتەوە و گۆڕاوە بۆ بەشێك لە دۆزەخی خۆی. نامەیەك هەیە کە لەوێدا هایدیگەر بیرکردنەوە و ئیرۆسی بەراورد کردووە. لەوێدا باس لە شەقەی باڵی ئیرۆس دەکات کە هەڵگری بیرکردنەوەیەتی لە سەر ئەو ڕێگایانەی کە کەس پیایدا تێنەپەڕیوە. فەلسەفە ڕەنگە ئەو دەست پێداهێنانە بێت کە لە سەر پێستی ئەوی تردا نەخش دەبەستێت. واتە غیابی زمان یان فۆرمەکان و مۆدێلەکانی تری زانستی زمان.

**ئەمرۆ، تۆ خاوەنی کورسی مامۆستایەتیت بەڵام پەیوەندییت لەگەڵ فەلسەفەی زانکۆیی دا بەردەوام بێ گرژی نەبووە، من لە هەڵەدام؟**

خۆت ئەوە دەزانیت کە من مامۆستای فەلسەفەم لە قوتابخانەیەکی گەورەی هونەردا. ڕەنگە من زۆر ئاژەوەگێڕ بم بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە لە زانکۆیەکی ترادسیۆنێل(سونەتی)دا. فەلسەفەی زانکۆیی لە ئەڵمانیادا ئەمەیە: بە تەواوەتی بێ جمووجۆڵ و مردووە! بە هیچ شێوەیەك بەرپرسیار نییە بەرامبەر بە سەردەمی ئێستا.

**بەڕای ئێوە ئەو تەحەدا گەورانە دەکەونە کوێوە کە بیرکردنەوە دەجووڵێنن؟**

ئەمرۆ چەند شت و ڕووداوێك بوونیان هەیە کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوەیەکی فەلسەفییانە هەیە.... وەکو شاراوەیی و شەفافییەت ... پێویستیمان بە ئەنترۆپۆلۆژییەکی نوێ و باشتر هەیە، ئەنترۆپۆلۆژییەکی دیجتاڵی مەعریفە و تێگەیشتن. دەبێت فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیەکی کولتووری دیجیتاڵ مان هەبێت. دەبوو ماوەیەك زۆر پێش ئێستا "بوون و کات" ی هایدیگەر مان لە پێناو کەلتوری دیجیتاڵدا نوێ بکردایەتەوە.

**دەتەوێت چی بڵێیت؟**

هایدگەر شوێنی سوبێکتی گۆڕی بۆ دازاین. دەبێت ئێستا ئێمە شوێنی سوبێکت بگۆڕین بۆ پرۆژە. ئێمە چیتر «فڕێ نەدراوین». چیتر هیچ "چارەنووس"ێکمان نییە. ئێمە پرۆژەیەکی فڕێدراوین. بەدیجیتاڵکردن بەتەواوەتی «شت» کەی هایدیگەر لەناو دەبات. دیجیتاڵ «بوون»ێکی تر و «کات»ێکی تر بەرهەم دەهێنێت. ئێمە دەبێت بوێریمان زیاتر بێت بۆ تیۆر. فەلسەفەی ئەکادیمی دڵەڕاوکێی زۆرە بۆ ئەم شتە. ئارەزووی بوێریی زیاتریان بۆ دەخوازم. ڕەگی وشەی "زەین" ماناکەی دەگەڕێتەوە بۆ نائارامی و شۆك.

سەرچاوە:

Philosophie magazine,n°88, l’année 2015, pp.68-73